Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. Conf-2019-10

# ئەرکەکانی دایك لەناو خێزاندا و رەنگدانەوەی لە خێزانی کوردا

طارق محمد جبار　　　　لەنجە صديق محمد

زانکۆی هەڵەبجە// کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان// بەشی بنەماکانی ئایین

**Article Info**

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : April, 2022

**Keywords**

ئەرك، دايك، خێزان، كورد

**Corresponding Author**

lanjasedeeq83@gmail.com

الملخص:

الأم تلعب دورا هاما في المجتمع ولها دور في بناء شخصية الاجيال القادمة، المحافظ على الهوية الوطنية والثقافية، وللأم اسهمات كبيرة في انشاء جيل يتحمل المسؤولية، القادر على حفاظ المجتمع والأنسانية من الضياع.

مع التقدم الملحوظ الذي تراه البشرية في كافة مجالات الحياة، هناك محاولات جاهدة لتغيير مكانة المرأة وخاصة الأم في المجتمع، وتغير مسارها عن مسار الصحيح. وهذه التغيرات اغلبها في ضرر الأم ومكانتها، والمشكلة الأكبر هي أنه في بعض الأحيان القوانين الوضعية وُضعت بشكل تسبب في تزايد مشاكل الأم، وتقلل من حقها بدلاً من الحفاظ عليها. وفي المقابل عندما نعود للشريعة الأسلامية الغراء ترى الحقوق اعطيتْ وحددت لأصحابها بطريقة تناسب تماماً مع طبيعة البشرية.

وأهمية هذا البحث في تحديد دور الأم وواجباتها في الأسرة، لأنجاز اعمالهن على اتم الصورة، لأن عدم علم أغلب الأمهات بواجباتها وحقوقها يؤدي الى أهمال دورهن و اشعال الفوضى في الأسرة و سوء تربية الأطفال .

وهذا البحث قد تناول عدة القضايا المهمة، المتعلقة بالأم من ناحية الحضانة والرضاعة والولاية والنفقة والتربية، وعالج هذه القضايا وحدد مكانة المرأة وحقوقها فيها، وكذلك قارن البحث هذه المسائل مع القانون الوضعي في إقليم كردستان وحدد مشاكل عدة في قانون كردستان المتعلقه بدور الأم ومكانتها.

## پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورەو دروودو ڕەحمەت لەسەرگیانی پاکی پێغەمبەرمان و یارو یاوەرەانی تا ڕۆژی دوایی.

ئافرەت لەژیاندا چەند دەورێکی جیاواز دەبینێ دایك، کچ ، خوشك، هاوسەر ، لەگرنگترین ئەو دەورانە دایك بوونە کە خوای گەورە و پیغەمبەری سەروەر (صلى الله عليه وسلم ) زۆر باسی دایك و باوکیان کردووە بە تایبەت دایك کە گوێرایەڵی و ڕێزگرتن و خزمەتکردنی چەندە پیرۆزە هۆکاری سەرکەوتنی مرۆڤە لە ژیانی دونیاو پاراستن لە ئاگرو چوونە بەهەشت، بەڵام ئەو منداڵەش بەرهەمی دەستی ئەو دایکەیە بۆیە کۆمەڵە ئەرکێك دەکەوێتە ئەستۆی کە دەبێت بەجێیان بهێنێت بۆئەوەی منداڵەکەی کە دەبێتە نەوەی داهاتوو بەشێوەیەك ئامادە بکات کە پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوایەتی و بونیادنانی ڕۆشنبیری بکات و دروست کردنی نەوەیەك کە بتوانن بەر پرسیاریەتیان هەبیت لەکومەلگا وە پاریزگاری کۆمەلگا ومرۆڤایەتی بکەن لەهەرلە ناوچوونیك ،وەئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن لەبەرامبەر دایك و باوك و کومەڵگا .

ئەرکەکانی دایك لەناو خێزاندا وە دیاری کردنی وەك بابەتیکی بەرچاو لەم رۆژگارەدا لەم کۆمەلگایەدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە ئەم بابەتەمان هەلبژاردووە بۆلیکۆلینەوە چونکە پێویستە هەموو تاکێکی ناو خێزان وە بە تایبەت دایك بزانێت ئەرکی چیە لە ناو خێزانەکەیدا،بەرامبەر بە هاوسەری و منداڵەکانی بۆیە دەبێت هەموو لایەك ئەمانە بزانن لە یاسادا وە لە هەر شوێنێکی یاساکان گرفت هەبوو ئەوا بگەرێینەوە شەریعەی ئیسلامی لەبەر ئەوەی خوای گەورە بە دیهێنەری مرۆڤەکانە وە زاناترینە بە سروشتیان وە باشترین بەرنامەی بۆ ناردون بۆ رێکخستنی ژیانیان بەلام لە کۆنەوە هەتا ئیستا لەگەل ئەوەی کۆمەلگا پیشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەزۆر بواردا لەگەل ئەوەشدا هەوڵی گۆرینی رۆل و پێگەی ئافرەت لەناو خێزان و بە تایبەت دایك دراوە کە زۆرجار گۆرانکاریەکە بە شیوەیەکی نادروستە وە لەزیانی دایکە وەگرفتەکە لەوەدایە کە هەندێ جار یاسا دەستکردەکان بە شیوەیەك دانراون کەخۆیان هۆکارن بۆئەم تێکدانە لە بەرامبەردا کاتی دەگەرێینەوە بۆ شریعەی ئیسلامی پیرۆز دەبینین بەشیوەیەکی گونجاو لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکاندا مافەکانی داوە بە خاوەن ماف .،ئەمە لە کاتێکدایە کە دەزگا بلاوکراوە بینراو بیستراوەکانیش هۆکارێکن بۆ تێکدانی ئەرك و مافی دایك لەناو خێزان و کۆمەلگادا .

گرنگی لیکۆلینەوەیەی ئەم بابەتە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پێگە و ئەرکی دایکان لەناو خێزاندا دیاری دەکات تا بتوانێت هەستێ بە ئەنجامدانی ئەرك وکارەکانی بە جوانترین شێوەوەپێدان و دەست بەرکردنی زانیاری پێویست بەدایکان و هۆشیارکردنەوەیان بەئەرك و مافەکانیان،هەروەها کتێبێك یان لێکۆلینەوەیەك بەردەست نیە کە تایبەت بێت بەم باسە بەزمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی بابەتەکە گشتگیرە و دەوڵەمەندە وچەند لایەنیکی جیاواز لەخۆدەگریت کە بۆ لێکۆلینەوە بەسوودە بەڵام ئێمە لێرەدا لەو بەڵگە و را جیاوازانەی کە هەبوون زیارتر باسی پەسەندترین و کارپێکراوترینمان کردووە چونکە لە لێکۆلینەوەیەکی لەم جۆرە هەر ئەوەندە بوار هەیە،وە ئەمە ئاسانکاری بۆ دایکان یاخود هەرکەس و لایەنێك دەکات کە بیەوێت یان کار لەبواری خێزاندا دەکات .

هەربۆیە لەم لیکۆلینەوەیەدا بە شێوەیەکی شیکاری بەراووردکاری باسی حوکمی کارەکانی دایك لەناو خیزاندا ئەکەین لەهەردوو روانگەی شریعەی ئیسلامی و یاسا بەچەند تەوەرەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم : دایەنێتی ماف و مەرج وکرێی دایك.

تەوەری دووەم :شیرپێدانی دایك .

تەوەری سیهەم :بژێوی منداڵ .

تەوەری چوارەم : پەروەردەی منداڵ

تەوەری پینجەم : سەرپەرشتیاری دایك لە هاوسەرگیری منداڵ

داواکارم لە خوای گەورە ئەم چەند دێرە کەمەی لە سەر ئەم باسە بە زمانی کوردی نووسیومانە بیکاتە توێشووی قیامەت وە خزمەتێکی بچووك بێت بەخێزانەکانی کومەڵگاکەمان و بە دایکان بە تایبەت، جا ئەگەر هەوڵەکەم سەرکەوتوو بێت و شایانی پەسەند کردن بێت، ئەوە بە فەزڵ و چاکەی پەروەردگارم بووە، ئەگەریش کەم و کوری و لاوازی تیابێت ئەوە لە خۆمەوەیە..وصلى الله وسلم وبارك على محمد وعلى اله وصحبه وسلم تسليما.

تەوەری یەکەم : دایەنێتی، ماف و مەرج و کرێی:

لەراستیدا دەبێت منداڵ لە نێوان دایك و باوکدا گەورە بێت و پەروەردە بێت بێبەش نەبێت لە هەست و سۆزو نازی هەردووکیان،بەڵام هەندێ جار بەهۆی کۆتایی پێهێنانی گرێبەستی هاوسەرگیری یان مردنی یەکێك لە دایك یان باوك،گرفت دروست دەبێت کاریگەری لەسەر بەخێوکردن پەروەردەی منداڵ دەبێت بۆیە پێویستە ، کۆمەڵێك مەرج هەبێت لەوکەسەی بەخێوکردن و ئەو منداڵە دەگرێتە وئەستۆ،وە کێ مافی لەپێشینە بۆ ئەم کارە ،هەربۆیە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ئەم بابەتەیە بەگرنگی باس کراوە ،وە لە یاسای وڵاتیشدا بەهەمان شێوە گرنگی بەم باسە دراوە هەربۆیە توێژینەوەکەماندا بەچەند تەوەرێك باسی دەکەین:

یەکەم : مافی لە پێشینە بوون بۆ دایەنیەتی:

ئەو کاتەی دایك و باوك لێك جیادەبنەوە یان باوك دەمرێت ئەوکاتە دایك لە هەموان لە پێشترە بۆ دایەنیەتی کردنی منداڵەکەی کاتێك مەرجەکانی هەمووی تێدا بێت وە هیچ رێگرێك نەبێت تەنانەت باوك ناتوانێت کێبرکێی دایك بکات ،بەڵگەی ئەم باسە لە سونەتدا هاتووە کەدەفەرموێت ( أنَّ امرأةً قالَت يا رسولَ اللَّهِ إنَّ ابني هذا كانَ بطني لَه وعاءً وثَديي لَه سِقاءً وحجري لَه حِواءً وإنَّ أباهُ طلَّقني وأرادَ أن ينتزِعَه منِّي فقالَ لَها رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ أنتِ أحقُّ بِه ما لم تَنكِحي[١]) واتە ( ئافرەتێك بە پێغەمبەری خودا ووت،ئا ئەم منداڵەم،سکم بۆ ئەو پارێزەر بووە،مەمکم بۆئەو شیردەر بووە کۆشم بۆ ئەوڵانکە بووە،باوکی تەڵاقی داوم و دەیەوێ ئەمیشم لێبستێ ،پێغەمبەریش پێی فەرموو : تۆ ئەو لا تری پێی،گەر شوو نەکەیتەوە).

جاءت امرأة إلى النبي ﷺ فقالت: يا رسول الله إن زوجي يريد أن يذهب بابني وقد سقاني من بئر أبي عنبة، وقد نفعني. فقال رسول الله ﷺ: هذا أبوك وهذه أمك، فخذ بيد أيهما شئت، فأخذ بيد أمه، فانطلقت به[٢]) واتە ( ئافرەتێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا پیاوەکەم دەیەوێ مناڵەکەم بەرێ،کورەکەم سودم پێدەگەیەنێ و ئاومان دەداتێ لەبیری عینە،پیاوەکەی هات،پێغەمبەری خوا فەرمووی بە منداڵەکە ئەمە باوکتە وەئەمە دایکتە کامیانت دەوێ دەستی بگرە و دەستی دایکی گرت وبردی لەگەڵ خۆی).

لەسەر دایك پێویستە دایەنی بۆمنداڵەکەی بکات تا ئەو کاتەی منداڵ دەتوانێ پێویستی خۆی بەجێبهێنیت پێوستی بە ئافرەتێك نەبێت لەدوای ئەوە ئەوا هەڵبژاردن دەدرێتە دەست منداڵەکە خۆی کە لای دایك بێت یان باوك بەڵام زانایان رای جیاوازیان هەیە لەو تەمەنە بە دیاری کراوی کە هەندێ پێیان وایە بۆ کچ تەمەنی نۆ ساڵە و بۆ کور حەوت ساڵە[٣].

وە بەدڵنیایی هەست و سۆزی دایك زۆرترە بۆمنداڵەکەی دەتوانێ خزمەتی زیاتر و باشتر بەخێوی بکات پێویستیەکانی بۆجێ بەجێ بکات بەرگەی ناخۆشی وئازار بگرێت لە پێناویدا،بەڵام باوك خۆی ناتوانێت بە باشی بەو ئەرکە هەستێت دەبێت کەسیك بگرێت بۆ بەخێوکردنی یان ژنەکەی بۆی بەخێوبکات کە زۆر دەگمەنە هەربۆیە لەم دوانە جێگەی دایك پربکەنەوە،لە یاسادا بە هەمان شێوە هاتووە کە (لەژێر سایەی هاوسەرێتی و لە جیابونەوەشدا دایك لەپێشترە بۆ دایەنیەتی و پەروەردەکردنی منداڵەکەی ئەگەر منداڵەکە بەوکارە زیانی پێنەگات[٤]) ،هەروەها یاسا تەواوکردنی تەمەنی دە ساڵی بۆ منداڵ دیاری کردووە کە لای دایك بمێنێتەوە دوای ئەوە دادگا دەتوانێت کە ماوەکە درێژبکاتەوە یان بیگەرێنێتەوە بۆ لای باوك تا تەمەنی پانزە ساڵ بەپێی بەرژەوەندی منداڵەکە،لەدوای ئەو تەمەنە هەڵبژاردن دەخرێتە بەردەم منداڵ کە کامیان هەڵدەبژێرێت دایك یان باوك[٥].

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین لێرەدا را جیایی زانایان لەسەر مافی دایك لە دایەنیەتی،هەندیك بە مافی دایکی ئەزانن هەندێکی تر بە مافی منداڵ هەندێکی تر بە مافی دایك و منداڵ بەڵام مافی منداڵکە لە پێشترە کە ئەمەی کۆتایی پەسەندترین رایە وە ئەم دەرئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە:

١. دایك زۆری لێ دەکرێت بۆ دایەنی کاتێك کەس نەبێت بۆ دایەنی ئەگەر ئەو مافەشی نەمابێت.
٢. ئەگەر خولعی کرد دایك لەبەرامبەر وازهێنان لە مافی دایەنی ئەوا خلعەکە دروستە بەڵام مەرجەکە پوچەڵە چونکە پێچەوانەی رێساو یاسای گشتی یە .
٣. دایك ئەتوانی وازبهێنێت لەکرێ دایەنی چونکە مافی خۆیەتی .
٤. باوك بەبێ هۆ بۆی نیە دایەنی لەدایك بسەنێتەوە[٦].

دووەم : مەرجەکانی دایەنیەتی[٧]:

١. دەبێت دایەن باڵغ و عاقل بێت و جێگەی متمانە بێت بتوانێت مناڵەکە پەروەردە بکات و بیپارێزێت .
٢. نابێت نەخۆشیەکی هەبێت بگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکە یان ببێتە هۆیەك نەتوانێ بەئەرکەکانی خۆی بەرامبەر بە منداڵەکە هەستێت .
٣. نابێت منداڵەکە بباتە شوێنیك کە گیان و ژیانی بارێزراو نەبێت یاخود کەسانێ لەگەڵی بژین ببنە هۆی بێزارکردنی .
٤. وە نابێت زۆرجێ گۆرکێی پێ بکات بەشێوازێك کەببێتە هۆی زیان گەیاندن بە تەندروستی منداڵەکە .
٥. کاتی تەواوی هەبێت بۆ بەخێوکردن و مانەوە لەگەڵ منداڵەکە زۆربەی کات خۆی لە لای بێت نەك بیداتە دەست کەسانی تر کە ئاگاداری بکەن .

٦. دەبێت دایك دوای ئەوەی كە شوو دەكاتەوە ئەو مێردەی نەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە منداڵەكە ئەوە لە دادگا بریاری لێ دەدرێت،وە مێردەكە بەڵێنامە بدات كە ئاگاداری منداڵكە دەبێت و زیانی پێناگەیەنێت .

٧. هەموو مەرجەكان دەبێت بەیەكەوە بوونیان هەبێت لە دایكدا گەرنا مافی دایەنی لە دەست ئەدات بە نەمانی مەرجێك لە مەرجەكان وە دەدرێت بەئەو كەسەی شایەنە بۆ دایەنی .

## سێهەم : كرێی دایەنیەتی:

گەر دایك و باوك بەیەكەوە ژیان ئەوا دایك بۆی نیە داوای كرێی دایەنێتی بكات بەڵام لەوكاتەی جیادەبنەوە دایك مافی داواكردنی كرێی دایەنی منداڵەكەی هەیە چونكە كات دەدات بەبەخێوكردن و سەرپەرشتی منداڵەكە گەر ئەم نەبێت دەبێت باوك كەسێك بگرێت بۆی بەخێوبكات،پارەی دایەنیەتی لە ماڵی منداڵەكە دەدرێت گەر خۆی ماڵی هەبوو ئەگەر نەیبوو ئەوا باوك لەسەری پێویستە كە كرێ دایەنیەتی بدات ،وە لەدوای تەواو بوونی عیدە كاتی وەرگرتنی دایەنەتی بە كرداری دەست پێ ئەكات[٨]،وە برەكەی بەپێی رێكەوتنیان یاخود بەپێی بریاری دادگا دیاری دەكرێت لە یاسای عێراقی هەر بە هەمان شێوەی وەرگرتووە لە مادەی پەنجاو حەوت برگەی سێ[٩].

ئەوەی دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین لە بابەتی دایەنی ئەوەیە كە لە شریعەی ئیسلامی بابەتەكە بەتەواوی باس كراوە هەروەها یاسای باری كەسیەتی بەهەمان شێوە گونجاوە لەگەڵی بەڵام كێشە لە واقعی كۆمەڵگادایە كەپابەند نابن پێوەی هەروەها نەبوونی ئاگای و رۆشنبیری لەم بابەتە،دەبینین زۆربەی كات دایكان ئامادەن دایەنی بۆ منداڵەكانیان بكەن كە بێ گومان لە هەموو كەس باشتر ئەبن بۆیان،بەڵام بەشێوازی جیاواز و بە بەكارهێنانی رێگای ناشەرعی و نایاسای رێگریان لێ دەكرێت لە لایەن باوكی منداڵ یاخود كەس و كاری باوكی منداڵ ئەگەر باوكەكە نەمابوو كە هەندێ جار مەبەستەكەیان دەست گرتنە بەسەر ماڵ و سامانی منداڵەكەیە،یان دایك بێ بەش دەكرێت لەكرێی دایەنی و دایكیش لەپێناوی مانەوەی منداڵەكە لای چاوپۆشی دەكات و داوای ناكات،یان ئەوەی دایك دەبێتە قوربانی بۆمنداڵەكەی جارێكی تر هاوسەرگیری ناكاتەوە لە دوای باوكی ئەو منداڵە بۆئەوەی بێ بەش نەبێت لەدایەنی منداڵەكەی نەوەك ببێتە هۆكاری لێ سەندنەوەی منداڵەكە كە لەراستیدا دەبینین مانەوەی منداڵ لای مێردی دایك زۆركەم كێشەی دەبێت چونكە منداڵ زۆربەی كات لای دایكە و لەماڵە بەڵام گەر باوك ژنی هێنایەوە ئەوكاتە زۆرینەی كات باوك لەدەرەوەیە لەكاركردن ئاگای لەمنداڵ نیە یاخود دەبێت بیدات بە كەسێك بۆی بەخێوبكات كە زۆر دەگمەنە كەس بتوانێ جێگەی دایك پربكاتەوە .وە یاخود كاتێك دایك دەبێتە دایەن بۆمنداڵ ئەوا باوك بێ بەش دەكات لە بینی منداڵ یان باوك كاتێك دایەن نیە باوك بێ بەشی دەكات لە بینیی منداڵ كە ئەوەش زوڵمە لەمنداڵ هیچ كامیان مافی ئەوەیان نیە،كەئەمەش پێویستی بەچارەسەرە.

## تەوەری دووەم : شیرپێدان:

شیرپێدان كارێكی پێویستی یە بۆ منداڵ هەر لەسەرەتای دەست پێكردنی ژیانیەوە هەر بۆیە خوای گەورە لەقورئاندا باسی كردووە كە دایكان شیر بدەن بە كۆرپەكانیان تا تەمەنی دووساڵی خوای گەورە دەفەرموێت ( وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ ۚ[١٠]) واتە (دایكان شیردەدەن بە منداڵەكانیان دووساڵی تەواو ئەمەیش بۆ كە سێكە كە بیەوێ دەورانی شیرپێدان تەواو بكات).

دەبینین كە لە ئێستادا پزیشكەكان دووپاتی شیرپێدانی سروشتی دەكەنەوە لەگەڵ سوودەكانی بۆ دایك و كۆرپەكەش كە ئەوانیش پشت دەبەستن بە لێكۆڵینەوە زانستیە پزیشكیەكان ،ئەمە جگە لەوەی شیرپێدانی سروشتی بەمنداڵ كاریگەری دەبێت بۆلایەنی خۆشەویستی و بوونی هەست و سۆز لە نێوان دایك و منداڵەكە ئەوانەی شیری خۆیان ئەدەن بە مناڵەكەیان زیاتر هەست بەوە دەكەن، تەنانەت لەوكاتانەی منداڵەكانیان بەجێ دەهێڵن وكاتی شیرپێدانیانە هەست بەبەرپرسێتی منداڵەكانیان دەكەن لەگەڵ بوونی سوودی زۆری كاری شیرپێدان بەڵام دەبینین لەئێستادا بەشێكی زۆری دایكان ئەم ئەركەیان بەجی ناهێنن هەریەكە بە بیانویەكی جیاواز هەندێك بە هیچ جۆرێك نایكات یان بۆ ماوەی چەند مانگێكی كەم ئەم كاری شیرپێدانە دەكەن . هەر لەبەر ئەم گرنگیە زۆرانەی شیرپێدان زانایانی شریعە و یاسا باسی بابەتەكەیان كردووە لەم لایەنانەوە:

## یەكەم : حوكمی شیرپێدان:

زانایان رای جیاوازیان هەیە كەدایك زۆری لێبكرێت لەشیرپێدان یان نا،كۆمەڵێك پێیان وایە كە دایك زۆری لێ ناكرێت جائەو ئافرەتە لای مێردەكەی بیت یان نا مەگەر لەم كاتانەدا نەبێت :

١. منداڵەكە جگە لە شیری دایكی شیری تر نەخوات .

٢. منداڵ و باوك هیچ كامیان پارەیان نەبێت بۆئەوەی كەسێكی بۆبگرن بۆشیرپێدان یان شیری دروستكراو بكرن .

٣. گەر هیچ كەس دەست نەكەوت بۆ شیرپێدان بەكرێ یان بێ كرێ.

هەندێکی تر پێیان وایە دەبێت دایك زۆری لێبکرێت کەشیربدات بەمناڵەکەی جائەو ئافرەتە لای مێردەکەی بێت یان لە عیدەی رجعی بێت[١١].

هەردوو کۆمەلەکە ئەم ئایەتەی سورەتی البقرە بە بەڵگە دەهێنەوە کە دەفەرموێت ( وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ ) کۆمەڵی یەکەم پێیان وایە سیفەتی زۆرلێکردنی تێدانیە،وە دووەم پێیان وایە سیفەتی زۆرلێکردنی تێدایە بۆدایکان کە شیر بدەن بە منداڵەکانیان،کاتێك سەرنج دەدەین بەڵگەی کۆمەڵەی یەکەم بەهێزترە چونکە ئایەتەکە رێنمای دەدات بەدایکان کە شیربدەن بە منداڵەکانیان تا دووساڵ بەڵام هیچ ئامرازێکی زۆرلێکردنێکی تێدا نیە[١٢]، وە بێ گومان کە هیچ دایکیك بە بێ هۆکار رێگری ناکات لە شیرپێدان خۆی و منداڵەکەی بێ بەش ناکات لە سودە زۆرەکانی شیرپێدان .

وە یاسای عێراق بەرەهای فەرزی کردووە لە دایکان شیربدەن بە منداڵەکانیان مەگەر هۆکاری نەخۆشی رێگربێت بەڵام کاتەکەی دیاری نەکردووە تا چ تەمەنێك (دایك پێویستە شیربە منداڵەکەی بدات، تەنیا لە حاڵەتەکانی نەخۆشیدا نەبێت کە رێگای ئەوەی پێنادەن [١٣]).

### دووەم : کرێی شرپێدان:

منداڵ لە پارەی خۆی کرێی شیرپێدانی ئەدرێت بە شیردەرەکەی ،ئەگەر پارەی نەبوو ئەوا لەسەر باوك پێویستە کرێ بدات بە شیردەری منداڵەکەی جا ئەو ئافرەتە بێگانە بێت یان دایکی منداڵەکە بێت لەوکاتەی کۆتایی بە پەیوەندی هاوسەرگیریان هاتووە لەگەڵ باوکی منداڵەکەی،هەروەك لە قورئان هاتووە دەفەرموێت ( فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ[١٤]) واتە ( ئەگەر ژنی تەڵاقدراوتان شیری دا بە منداڵەکانتان ئەوا کرێی خۆیان بدەنێ )، بەڵام لەو کاتەی هاوسەرگیری بەردەوامە ئەوا ناکرێت کرێ بدرێت بە دایکەکە لە بری شیردان بەمندالەکەی،چونکە باوکەکە بژێوی دەدات بە دایکەکە کە کرێی شیرپێدانەکە ئەچێتە ناو بژێویەکە بەڵام هەرکات بووە ناشزە ئەوکاتە کرێی شیرپێدانی پێ دەدرێت[١٥] . بەلام یاسای عێراقی تەنها ئاماژەی کردووە کە ئەو کەسەی بژێوی منداڵی لەسەرە دەبێت کرێی شیردان بدات چونکە دەچێتە ناو بژێوی خواردن بۆ منداڵەکە .کە هاتووە تیادا (کرێی شیردان بە منداڵ لەسەر ئەو کەسەیە کە بژێوی لەسەرە،ئەمەش بەرامبەر کرێی خواردنەکەیەتی[١٦])

### سێهەم : رێگری لە شیرپێدان:

ئەو مێردەی کە باوکی منداڵەکەیە ناتوانێ رێگری بکات لە شیرپێدان چونکە دایك و منداڵ بێ بەش دەکات لە سوودەکانی شیرپێدان ،وە لەوانەیە ببێتە هۆی زیان گەیاندن وە جیاکردنەوی دایك و منداڵ لە یەکتر،ئەوانەی پێان وایە دەتوانێت رێگری بکات بەڵگەی بەهێز نیە،بەڵام دایك کاتێك هاوسەرگیری دەکاتەوە دوای باوکی منداڵە شیرەخۆرەکە ئەوا مێردەکەی دەتوانیت رێگری بکات لەشیرپێدان ئەگەر نەبێتە هۆی زیان پێگەیاندن یان لەناوچوونی منداڵەکە،چونکە بە گرێبەستی هاوسەرگیری ماف دەدات بە مێردەکەی کەمافی هەبیت لای جگە لە کاتەکانی نوێژ بۆیە دەتوانێت رێگری بکات لەچونە دەرەوە لەماڵ مەگەر بۆکاری پێویست بۆ پاراستنی گیان بێت[١٧]، بەڵام کاتێك دەگەرێنەوە بۆیاسا دەبینین هیچ ئاماژەیەکی نەداوە بەم بابەتە .

ئەوەی گرفتە لەکاتی ئێستادا زۆربەی دایکان بەتایبەت ئەوانەی کاردەکەن دەیانەوێت منداڵ فێری شیری دەستکرد بکەن بۆئەوەی بەزووترین کات بچنەوە سەرکار یان هەر مۆڵەت وەرنەگرن چونکە لە کەرتی تایبەت کارەکەی لەدەست ئەدات،وە لە کەرتی گشتی بەشێك لە موچەکەی کەم دەکات ئەمەش لە کاتێکدایە دوای بوونی منداڵ خەرجی زیاتر دەبێت بۆیە ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینین بە ناراستەخۆ حکومەت هۆکارە،بۆیە دەبێت چارەسەري بکات بەهاندانی دایکان بەوەی کاتێك شیری سروشتی دەدەن بە منداڵ بۆ نمونە بەشێکی کەمتر لە موچەکە ببرن،هەروەها رێگری لە ریکلام بۆشیری دەستکرد،وەهەروەها بڵاوکردنەوەی هەڵمەتی زیاتری ووشیارکردنەوەی دایکان بۆپێدانی شیری سروشتی .

### تەوەری سێهەم : بژێوی منداڵ:

منداڵ کچ بێت یان کور بژێوی لە ئەستۆی باوکیەتی گەر خۆی ماڵی نەبوو بەڵام ئەگەر باوك سەلماندنی کە توانای نیە و منداڵەکەش پارەی نەبوو ئەوکاتە بژێوی ئەچێتە ئەستۆی ئەوکەسەی کە لەکاتی نەبوونی باوکدا بەرپرسە لەبژێوی منداڵەکە بەمەرجێك لەتوانایدا هەبێت وە دەبێتە قەرز لەئەستۆی باوکەکە هەتا ئەوکاتەی توانای دانەوەی دەبێت . لەراستیدا دایك بژێوی خۆی لەئەستۆی مێردەکەیەتی مەگەر رێگری شەرعی هەبێت،لەکاتێکدا بژێوی خۆی لەسەر نیە دەکرێت دایك بژێوی منداڵەکەی بخرێنە ئەستۆ ؟ لەوکاتەدا دووحالەتمان هەیە :

١. لەکاتی بوونی باوك کە توانای هەبێت لەسەر دایك پێویست نیە وە بەشدار نابێت لە دابین کردنی بژێوی مناڵ بە بەڵگەی ئەم فەرمودەیە عن عائشە رضی اللە عنها قالت دخلت هند بنت عتبە - امرأە أبی سفیان - علی رسول اللە صلی اللە علیه وسلم فقالت : یا رسول اللە ، إن أبا سفیان رجل شحیح ، لا یعطینی من النفقە ما یکفینی ویکفی بنی ، إلا ما أخذت من ماله بغیر علمه . فهل علی فی ذلك من جناح ؟ فقال رسول اللە صلی اللە علیه وسلم : خذی من ماله بالمعروف ما یکفیك ویکفی بنیك[١٨]) واتە (خاتوو عائشە دەفەرموێ هندی کچی عوتیبە کە خێزانی ئەبو سفیان بوو هات بۆلای پێغەمبەری

خوا،ووتی ئەی پێغەمبەر خوا : ئەبو سفیان پیاوێکی دەست نوقاوە –بەخیلە – ئەوەندەمان ناداتێ کە بەشی خۆم و منداڵەکانم بکات،مەگەر بەبێ زانیاری ئەو خۆم لەپارەکانی بەرم،ئایە بەو بردنە گوناهباردەبم ؟ پێغەمبەر فەرمووی :ئەوەندە بەشی خۆت و منداڵەکانت بکات)، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە منداڵ بە شێکە لە باوك بۆیە هەروەك ئەوەی بژێوی خۆی دەدات دەبێت بژێوی بەشەکەشی بدات کە منداڵەکەیەتی و بەشێکە لەئەو،هەر ئەمەش هۆکاری دابین کردنی بژێوی باوان لە لایەن منداڵەوە،تەنانەت گەر میراتیش لەیەکترنەبەن وەك لەکاتی جیاوازی دیندا،بەڵام لەوکاتەی باوك توانای دارایی باش نیە ئەوا ئەتوانی دایك بژێوی منداڵەکە بدات ئەگەر توانای دارایی باش بوو وە دواتر دەبێتە قەرز لەئەستۆی باوك دەبێت بیداتەوە[١٩].

٢. لەکاتی نەبوونی باوك یان باوك توانای کارکردنی نەبێت ئەوا لەسەر دایکە کە بژێوی منداڵ دابین بکات بە بەڵگەی ئەم ئایەتە کە دەفەرموێت (وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ)[٢٠] بەڵام ئەی ئەوکاتەی کە دینی دایك و مندال جیاوازی هەبوو وەك ئەوەی دایك لە ئەهلی کیتاب بوو ئەمە جگە لەوەی لە کاتی نەمانی باوك سەرپەشتیاری (ولایە) دەدرێت بە نێرینە (عصبە) وەك باپیر وبرا و مام و کورە مام بۆیە ناکرێت ئەرکی بژێوی بخەینە ئەستۆی دایك و سەرپەرشتی بۆ کەسێکی تر دواتر بەهۆی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە لە پێناو پەیداکردنی بژێوی منداڵ توشی کۆمەڵێ گرفت و زیان دەبێت[٢١].

لەیاسادا هاتووە کە بژێوی هەرکەس لە ماڵی خۆیەتی ئەگەر منداڵ بێ دارایی بوو بژێوی دەکەوێتە سەر باوکی مەگەر باوکی هەژاربێت و نەتوانێ کاسبی بکات و بژێوی بدات، یاسا بە ووردی ئەوکاتەی دیاری کردووە کە تا کەی بژێوی بەردەوام دەبێت لەسەر کەسانی تر هاتووە کە بژێوی منداڵ مێینە بەردەوام دەبێت تا شوو دەکات وەنێرینەش دەگاتە ئەوکاتەی هاوشێوەی ئەو کاردەکات بە مەرجێ خوێندکار نەبێت،وەئەگەر کوری گەورە پەککەوتە بوو ئەوا لە حوکمی کوری منداڵدا دەبێت . ئەگەر باوك نەتوانێ بژێوی منداڵ بدات دەخرێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە پێویستە لەکاتی نەبوونی باوکەکەدا بیدات،وە ئەم بژێویە کە ئەو کەسە دەیدات دەبێتە قەرز لەسەر باوکە کە وە کاتێ توانایی هەبوو لێ وەردەگیرێتەوە[٢٢].

بەڵام ئەوەی جێگەی باسە کەکاتێك دایك توانایی دارایی نیە ناچار دەبێت کاربکات بۆئەوەی بتوانێ بژێوی منداڵەکەی دابین بکات لەکاتی مردنی باوکی منداڵەکە یان جیابوونەوەی لەباوکی منداڵەکە ئەویش بەهۆی کەمتەرخەمی باوك یان ئەوەی لە جێگەی باوك بەرپرسە لە منداڵەکە،کە هەندێ جار دەست دەگرن بەسەر ماڵی منداڵەکە یان ئامادەنین لە پارەی خۆیان بژێوی بۆ دابین بکەن یان ئەو برە پارەی بۆی دیاری ئەکات دادگا وەك کرێی بژێوی ژیان لەکاتی پێویست ناگات بەدایك یان کەمە یان هەر نایدات باوکەکە کە هەمووی دەبێتە هۆی بار گرانی لەسەر شانی دایك وە کار لە پەروەردەی منداڵیش ئەکات چونکە ناچارە کاتێکی زۆر بەجێی بهێڵێت . هەندێ کاتیش منداڵ خۆی ناچارە بکەوێتە ژێر بارگرانی کارکردن بۆدابین کردنی بژێوی خۆی یان خوشك و براکانی یان ئەوکاتەی دایك توانای کاری نیە تەنانەت بۆ بەخێوکردنی دایکیشی . یاساش نەك هەر نەیتوانیوە ئەمە چارەسەر بکات بەڵکو لەو گورانکاریەی لە یاسای باری کەسەیەتی کراوە لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە داوە کە ژن نەفەقەکەی لەسەر مێردەکەیەتی لەکاتی بونی گرێبەستی هاوسەرگیری دروست بەڵام لەوحالەتەی ژن توانای دارایی هەیە و ئەوا هاوبەش دەبێت کاتێ خۆی رازی بێت[٢٣] کە ئەمە تەنها کێشە و بارگرانی زیاتری بۆ ژیانی دایك دروست کردووە ئەرکی لەسەر زیاد کردووە دورخستنەوەیی لەئەرکی سەرەکی خۆی ناردنە دەرەوەیە بۆکارکردن و دابین کردنی بژێوی خۆی و منداڵ چونکە ئەوکات مێرد هانی ئەدات بۆ کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بەرپرسیاریەتی خۆی کەئەمش جگە لە چاولێکردنی کوێرانەی روژئاوا زیاتر هیچی تر نیە .

بۆیە لەسەر حوکمەت پێویستە کە چارەسەری ئەم گرفتە بکات بە خێراکردنی کاری دادگا، هەروەها لە رووی جێبەجێ کردنەوە لێپرسینەوەی تەواو هەبێت. وە لەوکاتانەی باوك نەماوە یاخود باری دارایی باش نیە ئەوا چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە بۆئەوەی دایك ناچار نەبێت کە کارێك بکات کە کاری ئەو نیە لابدات لە ئەرکی راستەقینەی خۆی کەیەکەم کاری ئەو دایکایەتی یە نەك کارکردن ،ئەویش بە دانانی مانگانەیەکی گونجاو لە لایەن حکومەت بۆ ئەو منداڵە یان پێدانی مانگانە بۆ دایك یان دۆزینەوەی کاری گونجاو بۆ ئەو دایکە کە رێگری نەکات لە ئەرکی دایکایەتی .

## تەوەری چوارەم : پەروەردەکردنی منداڵ:

گرنگترین ئەرکی دایك پەروەردەکردنی منداڵە زۆر بە روونی ئەمە خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە کە ئەرکە دەفەرموێت (يا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا[٢٤]) واتە ( ئەی ئەوانەی باوەرتان هێناوە خۆتان و ماڵ و مناڵ و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگر) یەکێك لە هۆکارەکانی پاراستن لەئاگر پەروەردەی نفس و پەروەردەی منداڵ لەسەر رەوشتی بەرز وجوان و ئاین وە دایك ئەبێت ئەم کارە بکات،کە ئەوەش لەدوای بوونی منداڵ دەست پێناکات بەڵکو هەر لەسەرەتای دروست کردنی ژیانی خێزانی دەست پێدەکات ئەویش بە هەڵبژاردنی باوکێکی باش بۆ منداڵ چونکە بە دڵنیایی بیروباوەر و رەوشتی باوك کاریگەری تەواوی لەسەر پەروەردە و گەورەکردنی هەیە چونکە گەورەی ماڵە،هەر بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێت ( إذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه[٢٥]) واتە (کاتی کەسێك هات بۆ داوای کچەکانتان لە دین و رەوشتی رازی بوون ئەوا بیدەنێ) واتە دین و رەوشت لە پێشترین شتەکان لە ژیانی خێزانداری کە دەبێت گرنگی پێبدریت و ببێتە سەرچاوە و بنەمایی ژیانی تاکەکانی ناو خێزان کە دواتر ئەم خێزانە پێکهێنەری کومەڵگایە و بەو شێوەیە کومەڵگایەکی تەندروست دروست ئەبێت ،لەراستیدا بوونی بریاری بوونی منداڵ وەپەروەردەکردنی ئەمانەتێکی قورسە کە مرۆڤ هەڵیدەگرێت هەروەك پێغەمبەر دەفەرمویت (كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ

مَسْؤول عَنْ رَعِيّتِهِ، الإِمَامُ رَاعٍ وَمَسْؤولٌ عَنْ رَعِيّتِهِ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ فِي أَهْلِهِ وَهُوَ مَسْؤولٌ عَنْ رَعِيّتِهِ، وَالْمَرْأَه رَاعِيّه فِي بَيْتِ زَوْجِهَا وَمَسْؤولّه عَنْ رَعِيّتِهَا، وَالْخَادِمُ رَاعٍ فِي مَالِ سَيِّدِهِ ومَسْؤولٌ عَنْ رَعِيّتِهِ، -قَالَ: وَحَسِبْتُ أَنْ قَدْ قَالَ: وَالرَّجُلُ رَاعٍ فِي مَالِ أَبِيهِ وَمَسْؤولٌ عَنْ رَعِيّتِهِ- وَكُلُّكُمْ رَاعٍ وَمَسْؤولٌ عَنْ رَعِيّتِهِ[٢٦]) لەم فەرمودە پیرۆزەدا دەبینین کە ئایینی ئیسلام ئەرکی پەروەردەکردن و سەرپەرشتی خستۆتە ئەستۆی دایکان زۆر لەبواری پەروەردەکردن و فێرکردندا خەریکی منداڵەکانیان بن بە تایبەت کە باوك سەرقاڵی پەیداکردنی کارو بژێوی ماڵە .

دواتر هەر لەوکاتەی کۆرپەلە دروست دەبێت لەناو سکی دایکی دەبێت ئاگاداری تەندروستی خۆی و کورپەکەی بێت لە رووی جەستەی و دەروونیشەوە خۆی بپارێزێ لە بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەر و خواردنەوەی مەی  یاخود جگەرەکێشان کە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر کۆرپەکە وە ئاگاداربوون لە بەکارهێنانی دەرمانی پزیشکی،وە هەروەها باری دەروونی دایك دیسان زۆرکاردەکاتە سەر تەندروستی کۆرپەکە،چونکە باری دەروونی کار لە هۆرمۆنەکانی  لەش دەکات،لەوانەش گرنگتر جیاوازی نەکردن لە بیستنی هەوالی رەگەزی منداڵ کە کورە یان کچە چونکە ئەوە ویستی خوایە کە هەرچی بداتە مرۆڤەکان هەروەك دەفەرموێت ( يَهَبُ لِمَن يَشَاءُ إِنَاثا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذكُورَ[٢٧]) واتە (بەهەرکەس بیەوێت مێینە دەبەخشێت وەبەهەرکەس بیەوێت نێرینە دەبەخشێت) وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەتایبەت باسی کردووە کە پاداشتی بەخێوکردنی کچ چەندە گەورەیە دەفەرموێت (من عال جاريتين حتى تبلغا جاء يوم القيامه أنا وهو كهاتين وضم أصابعه ﷺ[٢٨]).  واتە (هەرکەسێك دوو کچ بەخێو و پەروەردە بکات تا گەورە دەبن ئاوا لە رۆژی قیامەتدا لەگەڵ مندا دەبێ بەهەردوو پەنجەی ناوەراست و شایەتمان ئیشارەتی دەکرد)، هەوڵنەدان بۆ لەبەربرابردن و لەناوبردنی ئەو کۆرپەیە بەهەر بیانویەك بێت چونکە ئەویش مافی ژیانی هەیە وە نابێت ئەو مافەی لێبسێندرێت، مەگەر لەو کاتانەی پزیشکی پسپۆر بەپێی فتوای شەرعی رێگە دەدات بە لەباربردني، بەڵگەی تاوانی لەناوبردنیش لە قورئاندا دەفەرموێت (وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلّا بِالْحَقِّ[٢٩]) واتە (کەسێك مەکوژن کە خوا کوشتنیانی حەرام کردوە تەنها بەهەق نەبێ).

وە پێویستە دایك خۆی ئامادە بکات بۆ هاتنی تاکێکی تازە بۆ ناو خێزانەکەیان،و بەرنامەی بۆدابنێ کە چۆن پێشوازی لە هاتنی بکات لەرووی ئەرکە دینەیەکان و کۆمەلایەتی و پەروەردەی و مادی و هەموو پێداویستی یەکانی تر وە بانگدان بەگوێدا و ناو نانی بە ناویکی مانادار و کردنی عقیقە و سەرتاشین[٣٠] ، وە گرنگی بدات بەوەی زیاترینی کارەکان وپێداویستەکانی منداڵی خۆی پربکاتەوە لە شیرپێدان و باوەشگرتن و خزمەتکردن  و یاری کردن و فێرکردن وە هەموو ئەوانەی منداڵ پێوستی هەیە بۆی،وە نەیداتە دەست کەسانی تر بە تایبەت دایەن و خزمەتگوزار کە بۆی بەخێوبکات و بۆی پەروەردە بکات بە ویستی ئەو کەسە بێت لە جیاتی ویستی دایکەکە،زۆرترین کات منداڵ لەسەرەتای تەمەن لەگەڵ دایك دەمێنێتەوە بۆیە زیاتر هەست بە پێویستیەکانی و گرفتەکانی دەکات،لەگەل گەورەبوونیش پێویستیان زیاتر دەبێت بۆدایك بۆ ئاگاداربوون رێنمایی پێدانیان بۆ هەموو گۆرانکاریە جەستەی و دەروونیانەی پیایدا تێپەردەبێت منداڵ،وە نابێت بە هیچ جۆرێك بدرێتە دەست هۆکارەکانی راگەیاندن یان ئامێرە ئەلکترۆنی و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پەروەردە کردنیان. دەبێت دایکان خۆیان منداڵەکانیان پەروەردە بکەن تا کەسی تر لە دەرەوە پەروەردەیان نەکات وە پێویستیان بۆ پربکەنەوە و لێیان تێبگەن هاورییانە مامەڵیان لەگەل بکەن دوور لەهەموو جۆرەکانی توندو تیژی جەستەی و دەروونی،بەکارهێنانی رێگەی هاندان و پاداشت کردن لەگەڵیان لەجیاتی رێگای سزادان  بەڵام بەبێ زیادەرەوی کردن لە ناز پێدان تانەبنە کەسانێك کە بارگرانی بۆ کۆمەڵگا دروست بکەن،و نەتوانن خۆیان لە داهاتوو پێویستی خۆیان دابین بکەن ، بەڵکو پەروەردەکردنەکەیان بەشێوازێك بێت ببێتە پێگەیاندنی تاکێك کە کەسایەتیەکی بەهێز و تەواوی هەبێت لەرووی باوەر و جەستە و دەروونی و ژیری ،کەئەمەش  ئەرکە لەسەر شانی دایکان چونکە بەرپرسن لەماڵ و لەوەی لەبەردەستیانە لە منداڵ  بەوشێوەیە کەسایەتی منداڵ دروست ئەبێت کە ئەمان دەیانەوێت هەروەك پێغەمبەر دەفەرموێت (ما من مولود إلا يولد على الفطره، فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه[٣١]) واتە( هەر کەس لەدایك دەبێ لەسەر فیترەتی پاك و خواناسینە،مەگەر دایك و باوکی بیگۆرن بیکەنە جولەکە یان خاچپەرست یان ئاگرپەرست). فێرکردن و رێنمویتی وپەروەردەکردن لە لایەن دایکەوە زۆر گرنگە چونکە دەبێتە هۆکاری باش بوونی تاکەکانی کۆمەڵگا وسوود گەیاندنی ئەو تاکانە بە نێو کۆمەڵگا و پاراستنی بەرژەوەندیە گشتی یەکانی کومەڵگا و وولات،وە دەبێتە هۆی زیادبوونی نەرم و نیانی و ئارامی و سۆزداری لە هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگا،وە دەبێتە هۆی نەهێشتنی توندو تیژ و رەق و خراپەکاری وتاوان لەنێو کۆمەڵگادا،بەوەش کۆمەڵگایەکی ئارام و خۆش بەخت وکامەران دادەمەزرێت  .

سەیر لەوەدایە کاتێك دەگەرێین بەناو یاسادا نابینن باسی ئەرکی پەروەردەی دایك بکات بەرامبەر بە منداڵ تەنانەت یاسای بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی خێزانی کەدەرچووە لە کوردستان کۆمەلێك کەم و کورتی تێدایە لە گرنگترینی ئەوانە فەرامۆش کردنی لایەنی پەروەردەییە،لە کاتێکدا ئەوە گرنگترە لە ئەرکی منداڵ بەرامبەر دایك چونکە لە کۆتایدا ئەو منداڵە هەرچی بکات بەرهەمی دەستی ئەو دایکەیە هەروەك پێشەوا ابن قيم دەفەرموێت ( فەرمانی خودا چاکەکردنی باوکان ودایکان لەگەل مناڵەکانیان بە بەخێوکردن و فێرکردن و پەروەردەکردن و ئامۆژگاری و رێنوێی کردن،لە پێشترە لە فەرمانی خودایی بەچاکەکردنی منداڵەکان لەگەل باوکان و دایکان کاتێك گەورە دەبن [٣٢])

کە لە خۆیدا ئەو فەراموش کردنەی یاسا بۆ مافی منداڵ بە کەم و کورتی دادەنرێت لەیاسادا وپێویستە پسپۆرانی مافی منداڵ پێشنیاری گونجاو بخنە بەردەم حوکمەت تا هەوڵی چارەسەرکردنی بدات . هەروەها ئەرکی لایەنەکانی ترو وە دەزگاکانی راگەیاندنە بەهەموو شێوازەکانیەوە وە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی وە

کەسایەتەیە ئایینەکان کە هۆشیاری تەواو بدەن بە دایکان کە چۆن منداڵەکانیان پەروەردەبکەن بەشێوەیەکی تەندروست لەهەموو رووبەکەوە لەرێگەی کردنەوەی خولی هۆشیاری و پێشکەش کردنی بەرنامە و دەرچوونی کتێب و بلاوکراوەو وە چەندین رێگەی تریش کە هەیە .

تەوەری پێنجەم : سەپەرشتیاری دایك لە هاوسەرگیری منداڵ:

پرۆسەی هاوسەرگیری تەنها گرێبەستێك نیە لە نێوان کور وکچێك کە بریاردەدەن بۆ دروست کردنی ژیانی هاوبەش بەڵکو پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیە کە لە نێوان دوو خێزاندا دروست دەبێت وخێزانێکی تازە لەو نێوانە دروست ئەبێت وە ئەم خێزانە کاریگەریان لەسەر کەس و کاری هەردوولا دەبێت بۆیە دەبێت گەورەکان ئاگارداری ئەم پرۆسەیە بن سەرپەرشتی بکەن بە تایبەت بۆئەوەی بزانن تاچەند گونجاندن و هاوتابوون لە نێوان ئەم دوو خێزانە لە لایەك و ئەو کور و کچە لەلایەکی تر هەیە بۆیە لێرەدا باسی ئەرکی دایك دەکەین لەم پرۆسەیەدا سەرەتا بۆ کچ دواتر بۆ کور :

یەکەم : کاریگەری دایك لە هاوسەرگیری کچەکەی:

دایك ناتوانێ ببێتە سەر پەرشتیار بۆ هاوسەرگیری کچەکەی چونکە لە بنچینەدا ناتوانێ خۆی بدات بەشوو وەك لە قورئاندا هاتووە خوای گەورە دەفەرموێت ( وَإِذا طلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ[٣٣]). واتە(هەرکە ژنانتان تەلاقدا وگەیشتنە ماوەی دیاری کراو و عادەی مانگانەیان تەواو بوو ئێوە ئەی کەس و کاری ژنان رێیان لێ مەگرن شوو بە مێردە پێشووەکانیان بکەنەوە) ئەم ئایەتە روودەکاتە سەرپەرشتیاری ئافرەت کە رێگری نەکەن لەشووکردنەوەیان، ئەگەر سەرپەرشتیار ئەو دەسەڵاتەی نەبوایە ئەوا نەهی لە رێگریان نەدەکرا .وە کە دەگەڕێنەوە بۆهۆکاری دابەزینی ئایەتەکە دەبینین ئیمامی (معقەلی کوری یەسار ) دەگێڕێتەوە دەڵێ مەعقەل خوشکەکەی خۆی دا بە پیاوێکی موسوڵمان مارەی کرد ئەوجا پاش ماوەیەك تەڵاقی دا عیدەشی بەسەرچوو پاشان حەزیان کرد بچنەوە لای یەك پیاوەکە خوازبێنی لە مەعقەل کرد ئەویش رازی نەبوو تا ئەو کاتەی ئەم ئایەتە دابەزی چونکە خوای گەورەش دەیزانی ئەم دوانە پێویستیان بەیەکە جاکاتێ مەعقەل ئەمەی بیست وتی خوایە ئەوا بیستم و فەرمانتم بەجێ هێنا لە پاشان کابرای بانگکرد و خوشکەکەی پێدایەوە[٣٤]. وە کە لێرەدا کە نیکاح دراوەتە پاڵ ئافرەت لەبەر ئەوەیەکە محلن ،وەبەڵگە نیە لەسەر بوونی دەسەڵاتی مافی بەشوودان.

هەروەها لە سونەتدا هاتووە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت (لا نكاح إلا بولي [٣٥]) واتە (نیکاح دانامەزرێ و دروست نیە بەبێ ئامادەبوونی وەلی) وە هەر لە فەرموودەیەکی تر کە لە دایکی ئیمانداران عائشە (خوای لێ رازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت ( أيما امرأه نكحت بغير إذن وليها فنكاحها باطل فنكاحها باطل، فنكاحها باطل[٣٦]). (هەر ئافرەتێك بەبێ ئیزنی سەرپەرشتیارەکەی هاوسەرگیری بکات ئەوا هاوسەرگیریەکەی پوچەڵە،هاوسەرگیریەکەی پوچەڵە،هاوسەرگیریەکەی پوچەڵە) ،وەئەم فەرمودەیەش بەروونی دەفەرموێت ( صلى الله عليه وسلم)(لا تزوج المرأه المرأه، ولا تزوج نفسها، فإن الزانيه هي التى تزوج نفسها[٣٧]) واتە (هیچ ئافرەتێك ئافرەتێکی تر نادات بەشوو،وەهیچ ئافرەتێك خۆی نادات بەشوو،زیناکەرە ئەو ئافرەتەی خۆی دەدات بەشوو ).

لەگەڵ بوونی ئەم بەڵگانە کە ئافرەت بۆی نیە خۆی بەشوو بدات کچ بێت یان بێ وەژن بەبێ بوونی سەرپەرشتیاری نێرینە[٣٨]، بەڵام هەندێك پیان وایە کە دەکرێت دایك ببێتە سەرپەرشتیار بۆ بە شوودانی کچەکەی کە لەراستیدا بەلگەکانی ئەمان بەهێز نین بەڵکو لاوازن چونکە بنەمایی(مناط) سەرپەرشتیاری کردن نێرینە(عصبە) بوونە نەك دایك و باوك بوون،یان ئەڵێن بە میرات ئەم سەرپەرشتیە دەچەسپێت بەڵام دیسان بنەمایی سەرپەرشتی نێرینە بونە وەك ئاماژەمان پێدا نەك ئەوەی هەرکەس لە میراتگران بوو ئەو مافەی هەبێت[٣٩] وە لەو گورانکاریانەی لە یاسای باری کەسێتی کرا لە کوردستان رێگەی داوە بە سەرپەرشتی دایك بۆ بە شوودانی کچەکەی بەجۆرێك دایك بە سەرپەرشتیار دادەنرێت کە باوك مردبێت یان غیاب بێت وە دایکەکە بە خێوی کردبێت و دایەنی بێت،وە ئەم سەرپەرشتیە تەنها بۆ کچێکە کە پانزدە ساڵی تەواو کردووە وە لەم گورانکاریە دیسان بووەبە شانزدە ساڵ[٤٠]،ئەمە لە کاتێکدا لە یاسای باری شارستانی عیراقی سەرپەرشتیاری منالی بە باوك داوە دواتر ئەو کەسەی باوکی دەیکات بەوصی دواتر باپیر دواتر ئەو کەسەی باپیر دەیکات بە وصی کەر ئە مانە نەبوون ئەوا دادگا دیاری دەکات[٤١]، وە جگە لەم کاتە نەبێت یاسای عێراقی بەمەرجی دانەناوە بوونی سەپەرشتیار بۆ گرێ بەستی هاوسەرگیری.

هەموان بە تایبەت ئافرەتان خۆیان ئەزانن کە رەگەزی مێینە گونجاو نیە بە شێوەیەکی گشتی بۆئەو ئەرکە چونکە ناتوانن بەشێوەیەکی دروست ئەو بریارە بدەن، ئافرەتان زیاتر کاریگەری لایەنی سوزداری دەبن وە زۆرتر ئەگەری هەلخەڵتاندنیان هەیە،لەراستیدا ئافرەتی پێگەیشتوو تێگەیشتوو هەیە بەڵام ئەوانە کەمن وە یاسا دەبێت بۆهەموان وگشتگیربێت، لەگەڵ ئەوەدا ئەمە مانای ئەوە نیە کە رای کچ وەرناگیرێت لەکاتی هاوسەگیریەکەیدا بەڵکو رێز لەبیرو رای دەگیرێت[٤٢] نەك هەرخۆی تەنانەت ئیزن لە دایکیشی لە بەشوودانی کچەکەیدا کارێکی گونجاو و مستحب ،چونکە دایك خۆی کاریگەری تەواوی هەیە لەپەروەردەکردن و بیروای کچەکەیدا باشی دەناسێت و ئەزانێ کێ گونجاوە وکێ گونجاو نیە بۆ بوون بە هاوسەری کچەکەی بۆیە گەر دایك رازی بوو یان کاریگەری لەسەر بریاری کچەکەی دەبێت وە بۆ دواتریش کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی خێزانی،وە کاتێك ئەو رازی بووە پرس و راوێژی پێکراوە مەیل و خۆشەویستی بۆ ئەو خێزانە تازەیە دەبێت، وە یارمەتیدەری دەبێت بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسە پیرۆزە لە هەمان کات رێزگرتن و پێزانین لە ماندووبون و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئەم کچەیە.

### دووەم : کاریگەری دایك لەهاوسەرگیری کور:

هەروەك چۆن بۆ کچ پرس و راوێژ بەدایك بکرێت بە هەمان شێوە بو کوریش کاریکی باشە بەڵام ناکرێت کە رێگربێت لە هاوسەرگیری یان هەڵوەشاندنەوە وجیابوونەوەی کورەکەی لە ژنەکەی ، کەسێك دێتە لای ئیمامی ئەحمەد وەڵێ باوکم داوام لێ دەکات خێزانەکەم تەڵاق بدەم وتی نەخێر تەڵاقی مەدە وتی ئەی عمر (خوای لێ رازی بێت داوای نەکرد لە عبداللهی کوری کە خێزانەکەی تەڵاق بدات فەرمووی کەی باوکت وەك عمر (خوای لێ رازی بێت ) لە ناسنی حق و داپەروەریە، ئەوە بە هۆی ئارەزوو یان تەنها بیرو رایەك ئەو داوای نەکردووە[٤٣]، بۆیە گەر دایك ببێتە هۆی هەوا و ئارەزووی کرد ئەوا دروست نیە داواکەی بەلام ئەگەر لەبەر بوونی هۆکارێکی شەرعی بێت ئەوا دروستە، وە پەسەندە .چونکە بەبێ هۆکار ئەوە نابێتە ئەو چاکەی لە قورئاندا باسکراوە پێویستە مناڵ بیکات لەگەڵ دایك و باوك کە دەفەرموێت (وَقَضى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُوا إِلاَّ إِيَاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا[٤٤] ) هەروەها دەبێتە هۆی زیان گەیاندن کە نەهی لێ کراوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت (لاضرر ولاضرار[٤٥])، و لە خودی خۆیدا کاری تەڵاق کارێکی باش نیە لەشەرعدا بەڵکو رێگە چارەسەرێکی ناچاریە ناکریت گوێرایەڵی تیادا بکرێت .

بەڵام یاسا باسی ئەم بابەتەی نەکردووە تەنها بۆ پیاو گەر بە تعسفی ژنەکەی تەڵاق بدات ئەوا دەبێت قەرەبووی بداتێ ( ئەگەر مێرد ژنەکەی تەڵاق دا و لەلای دادگا ساغ بووە وە کە پیاوەکە خەتابارە لە تەڵاقدانی و ژنەکەی لەبارەیەوە تووشی زیان بوو بوو ئەوا دادگا حوکم دەدات لەسەر ئەو داوایەی ژنەکە پێشکەشی دەکات ،بەوەی کە پیاوەکەی تەڵاقی داوە قەرەبووێکی وای بکاتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ باری دارایی و پلەی خەتاو توندوتیژییەکەیدا و تێکرای تەخمین دەکرێ بەمەرجێك کەمتر نەبێ لەنەفەقەی سێ ساڵ و زیارتریش نەبێت لە نەفەقەی پێنج ساڵ جگە لەو مافانەی دیکەی کە سەلمێنراوە[٤٦].

### دەرەنجام و ڕاسپاردە:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوە بە کۆمەڵێك دەرەنجام وراسپاردە گەیشتین بەپوختی دەیانخەینە ڕوو:

یەکەم : دەرئەنجام:

١. ئافرەت کاتێك ئەبێتە دایك یەکەم ئەرك و گرنگترین ئەرکی دایکایەتی یە، وەئەو یەکەم کەسە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە .
٢. مافی دایەنێتی مافی دایك و منداڵە بۆیە باوك بۆی نیە لە دایکی وەرگرێتەوە بەبێ هۆ .
٣. پێویستە کۆمەلێك مەرج هەبێت لەودایکەی دایەنی بۆ منداڵەکەی دەکات بە لە دەستدانی یەکێك لەو مەرجانە ئەوا مافی دایەنی لەدەست دەدات .
٤. بەشووکردنەوەی دایك مافی دایەنی لەدەست نادات بەمەرجێ ئەو مێردەی نەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەو منداڵە .
٥. شیرپێدان لە ئەرکە گرنگەکانە کە لە ئەستۆی دایکە و مافی منداڵە لای دایك نابێ بێ هۆ بێ بەش بکرێت لەو مافە لە لایەن هیچ کەسێکەوە،لە دوای جیابوونەوە مافی داواکردنی کرێی شیرپێدانی هەیە.
٦. لە کاتی نەبوونی باوك یان کەم دەرامەتی باوك دایك بژێوی منداڵی ناکەوێتە ئەستۆ،مەگەر خۆی بە ئارەزوومەندانە ئەو کارە بکات .
٧. پەروەردەکردن وفێرکردنی منداڵ بەشی زۆرینەی لە ئەستۆی دایکە چونکە باوك سەرقاڵی کارکردن و بژێوی پەیداکردنە .
٨. دایك مافی سەر پەرشتیاری نیە بۆ کچ بەشوودان بەڵام راوێژی پێدەکرێت،ناکرێت کە ببێتە هۆی تێکدانی ژیانی کور یان کچ بە بێ هۆکارێکی شەرعی .

دووەم :پێشنیارەکان:

١. دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی ژیان تا خێزانەکان بتوانن ئارام بژین و جیابوونەوە لەنێوان باوك و دایك روو نەدات و منداڵ ببێتە قوربانی .
٢. گرنگی دان و هۆشیارکردنەوەی کومەڵگا ودایکان بۆ بوارە جیاوازەکانی ناو خێزان بە تایبەت لە بواری پەروەردە و فێرکردن
٣. گرنگی دان و زیادکردنی بەرنامەی راهێنان و فێرکردن و پەروەردەیی لە بواری خزمەتی منداڵاندا لە زانکۆ و پەیمانگا و سەنتەر و قوتابخانە و مزگەوتەکاندا لەگەل بوارەکانی راگەیاندن .
٤. کەم نەکردنەوەی موچە لەکاتی مۆلەتی دایکایەتی بۆئەو ئافرەتانەی کە شیری سروشتی خۆیان دەدەن بە منداڵەکانیان .
٥. دەوڵەت هاوکاری ئەو خێزان و دایکانە بکات کە بژێویان لاوازە و منداڵی شیرە خۆرە و بچوکیان هەیە .
٦. کردنەوەی سەنتەری تایبەت لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا بۆچارەسەری کێشە و گرفتە خێزانیەکان و هۆشیار کردنەوەی دایکان لە ماف و ئەرکیان .

٧. لەو شوێنانەی یاساکان کەم و کورتیان هەیە گۆرانکاریان تیادا بکرێت بەجۆرێك لەگەل شریعەتی ئیسلامی هاوتابن،ئەمەش لە لایەن کەسانی پسپۆر و شارەزا لەو بوارەدا بکرێت .

٨. لایەنی جێ بەجێ کار زیارتر چالاك بکرێت تا بتوانن بەزووترین کات و کەمترین تێچوون ماف بۆ خاوەن ماف بگەرێتەوە .

**پوختە بە زمانی کوردی**

ئەم توێژینەوەیە باسی ئەرکەکانی دایك لەناو خێزاندا دەکات، وەك بابەتیکی بەرچاو لەم رۆژگارەدا لەم کۆمەلگایەدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە ئەم بابەتەمان هەلبژاردووە بۆلیکۆلینەوە چونکە پێویستە هەموو تاکێکی ناو خێزان وە بە تایبەت دایك بزانێت ئەرکی چیە لە ناو خێزانەکەیدا،بەرامبەر بە هاوسەری و مندالەکانی بۆیە دەبێت هەموو لایەك ئەمانە بزانن لە یاسادا وە لە هەر شوێنێکی یاساکان گرفت هەبوو ئەوا بگەرێینەوە شەریعەی ئیسلامی لەبەر ئەوەی خوای گەورە بە دیهێنەری مرۆڤەکانە وە زاناترینە بە سروشتیان وە باشترین بەرنامەی بۆ ناردون بۆ رێکخستنی ژیانیان بەلام لە کۆنەوە هەتا ئیستا لەگەل ئەوەی کۆمەلگا پیشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەزۆر بواردا لەگەل ئەوەشدا هەولێ گۆرینی رۆل و پێگەی ئافرەت لەناو خێزان و بە تایبەت دایك دراوە کە زۆرجار گۆرانکاریەکە بە شیوەیەکی نادروستە وە لەزیانی دایکە وەگرفتەکە لەوەدایە کە هەندێ جار یاسا دەستکردەکان بە شیوەیەك دانراون کەخۆیان هۆکارن بۆئەم تێکدانە لە بەرامبەردا کاتی دەگەرێینەوە بۆ شریعەی ئیسلامی پیرۆز دەبینین بەشیوەیەکی گونجاو لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکاندا مافەکانی داوە بە خاوەن ماف .،ئەمە لە کاتێکدایە کە دەزگا بلاوکراوە بینراو بیستراوەکانیش هۆکارێکن بۆ تێکدانی ئەرك و مافی دایك لەناو خێزان و کۆمەلگادا .


Abstract:

Woman as mothers have important roles in society and in constructing the personality of further generations. Mother also helps to protect the national and cultural identity of a nation.

Because of the outstanding development which has happened to humans lives in all aspects, there are too many attempts to change negative the stature of women mother in particular _ in society. The changes mostly harm the standing of mothers. The big problem is that human legislation becomes the cause of increasing the problems of mothers and unluckily decreasing their rights instead of protecting them.On the other side, if we look at Islamic Shariaa we find that rights are provided for all according to human nature.

The importance of this research is that it marks the role of mother and her tasks in a family in order to be able to follow her duties in the best way.Since most of the mothers have no clear idea about their rights and duties, problems of child upbringing and family care will start.

This research contains some points, such as; fostering, breast-feeding,education …etc,and it shows the position of mother comparing to current laws in Kurdistan Region explaining the issues which are in relation with mothers.


**سەرچاوەکان:**


**القرآن الكريم**

١. أبو العلا محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفورى ،سنن الترمذي ،مكتبة المعارف،الرياض،بدون سنة النشر

٢. أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني،سنن أبي داود ،، بيت الأفكار الدولية،الرياض،١٩٩٠

٣. أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب بن علي الخراساني النسائي ، سنن الكبرى للنسائي،مكتبة المعارف ،الرياض،بدون سنة النشر

٤. أبي عبدالله محمد بن أبي بكر بن أيوب ابن قيم الجوزية،تحفة المودود بأحكام المولود،دار عالم الفوائد،جدة،بدون سنة النشر

٥. أبي عبدالله محمد بن يزيد القزويني الشهير (ابن ماجه) ،سنن ابن ماجه ،مكتبة المعارف،الرياض،ط١،بدون سنة النشر

٦. د.أحمد الكبيسي،الوجيز في شرح الأحوال الشخصية وتعديلاته،المكتبة القانونية،بغداد،ج١،ط٢،،٢٠١٠

٧. حافظ محمد أمور،ولاية المرأة في الفقه الإسلامي ،داربلنسية ،الرياض،١٤٢٠
٨. حسين رجب محمد مخلف الزيدى،الحضانة في قانون الأحوال الشخصية العراقي،مجلة التقني،المجلد ٢٤،العدد ١٠،٢٠١١،ص١٤٧
٩. عبدالوهاب خلاف،أحكام الأحوال الشخصية في الشريعة الاسلامية،دار القلم،كويت،ط٢،١٩٩٠
١٠. عطية صقر،فتاوى ..وأحكام للمرأءة المسلمة،مكتبة وهبة ،ط٣،مصر، ٢٠٠٦
١١. د.فاروق عبدالله كريم،الوسيط في شرح قانون الأحوال الشخصية العراقي،جامعة السليمانية كلية قانون،٢٠٠١،
١٢. د.فالح محمد الصغير،المرأة المسلمة ومسؤولياتها في الواقع المعاصر ،وزارة الشؤون الاسلامية والأوقاف والارشاد،الرياض، ط٦،١٤٢٧هـ،
١٣. محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، صحيح البخارى ،بيت الأفكار،الرياض،١٩٩٨
١٤. مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري ،صحيح مسلم،دار الكتب العلمية،لبنان،ط١،١٩٩١
١٥. د.مصطفى ابراهيم الزلمي،أحكام الزواج والطلاق في الفقه الاسلامي ،مطبعة روزهةلات،اربيل،ط٤،٢٠١١
١٦. هند محمود الخولى،عمل المرأة ضوابطه – أحكامه – ثمراته،دار الفرابي،دمشق،،ط١، ٢٠٠١
١٧. د.وفاء بنت عبدالعزيز السويلم،أحكام الأم في الفقه الإسلامي،مدار الوطن،الرياض،٢٠١٣،ص٢٩٢
١٨. د.يوسف قاسم ،حقوق الأسرة في الفقه الاسلامي،دارالنهضة العربية،مطبعة جامعة القاهرة،مصر،١٩٩٢
١٩. ئەحمەدی كاكە محمود،تفسیری رامان لەماناو مەبەستی قورئان،دار الفكر،لبنان،ضاثى ٢،٢٠٠٩

**ياساكان:**

٢٠. ياساي بارى كەسيەتى عيراقي ژمارة(١٨٨) سالى ١٩٥٩
٢١. ياساى بارى كەسيەتى هەموار كراوى هەرێمى كوردستان ذمار (١٥) سالى ٢٠٠٨
قانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١ وتعديلاته

پەراوێزەكان:

١- أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني ، سنن أبي داود ، كتاب الطلاق ، باب من أحق بالولد ، رقم ٢٢٧٦ ، بيت الأفكار الدولية ، الرياض ، ١٩٩٠ ، ص٢٥٩.
٢- أبو داود، كتاب الطلاق ، باب من أحق بالولد ، رقم ٢٢٧٧، مصدر سابق ، ص٢٥٩ ، أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب بن علي الخراساني النسائى ، سنن الكبرى للنسائي ، كتاب النكاح ، باب تخير الولد ، رقم ٣٨٩٦، مكتبة المعارف ،الرياض ، بدون سنة النشر ، ص٥٤٣ .
٣- د.يوسف قاسم ، حقوق الأسرة في الفقه الاسلامي ، دارالنهضة العربية ، مطبعة جامعة القاهرة ، مصر ، ١٩٩٢ ، ص٤٠٩ .
٤- ياساى بارى كە سێتى عێراقى ژمارە (١٨٨) سالى ١٩٥٩ ، مادەى (٥٧) برگەى (١).
٥- ياساى بارى كەسێتى عێراقى ژمارە (١٨٨) سالى ١٩٥٩ ، مادەى (٥٧) برگەى (٤ ،٥).
٦- حسين رجب محمد مخلف الزيدى،الحضانة في قانون الأحوال الشخصية العراقي، مجلة التقني ، المجلد ٢٤، العدد ١٠ ،٢٠١١ ، ص١٤٧ .
٧- د.مصطفى ابراهيم الزلمي ، أحكام الزواج والطلاق في الفقه الاسلامي ، مطبعة روزهةلات ، اربيل ، ط٤ ، ٢٠١١، ص٢٠٧ .
٨- عبدالوهاب خلاف،أحكام الأحوال الشخصية في الشريعة الاسلامية، دار القلم ، كويت ، ط٢ ، ١٩٩٠، ص١٩٧
٩- د.فاروق عبدالله كريم ، الوسيط في شرح قانون الأحوال الشخصية العراقي ، جامعة السليمانية كلية قانون ،٢٠٠١ ، ص٢٦٨
١٠- سورة البقرة،الاية ٢٣٢.
١١- د.فاروق عبدالله كريم ، مصدر سابق ، ص٢٦١
١٢- د.أحمد الكبيسي،الوجيز في شرح الأحوال الشخصية وتعديلاته،المكتبة القانونية ، بغداد ، ج١ ، ط٢ ، ،٢٠١٠ ، ص٢٠٩
١٣- ياساى بارى كەسێتى عێراقى ژمارە ١٨٨ سالى ١٩٥٩،مادەى (٥٥(
١٤- سورة الطلاق،الاية(٦(
١٥- د.وفاء بنت عبدالعزيز السويلم ، أحكام الأم في الفقه الإسلامي ، مدار الوطن ، الرياض ،٢٠١٣ ، ص٢٣٥
١٦- ياساى بارى كەسێتى عێراقى ژمارە ١٨٨ سالى ١٩٥٩، مادەى (٥٦).

١٧- د.وفاء بنت عبدالعزيز السويلم ، مصدر سابق ، ص ٢٤٣.
١٨- البخارى ، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي ، صحيح البخارى ،كتاب البيوع ،باب أجرى أمر الأمصار على ، رقم ٢٢١١ ، بيت الأفكار، الرياض، ١٩٩٨، ص ٤١٢ ، مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري ، صحيح مسلم،كتاب الأقضية ، باب قضية هند ، رقم ١٧١٤، دار الكتب العلمية ، لبنان، ط ١،١٩٩١، ص١٣٣.
١٩- عبدالوهاب خلاف ، مصدر سابق ، ص٢٠٣، ص٢٠٤
٢٠- سورة البقرة، الاية( ٢٣٣).
٢١- لمزيد هند محمود الخولى،عمل المرأة ، دار الفرابي ،دمشق ، ط ١، ٢٠٠١ ، ٢٠ ص٣٠٤ وبعدها.
٢٢- ياساى بارى كەسێتى عێراقى ژمارە ١٨٨ سالى ١٩٥٩ ، ماددەكان (٥٨، ٥٩، ٦٠)
٢٣- ياساي باري كەسێتى هەموار كراوى هەرێمى كوردستان ذمارە (١٥) سالێ ٢٠٠٨ ، مادەى (٢٣).
٢٤- سورة التحريم ، الاية (٦).
٢٥- أبو العلا محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفورى ، سنن الترمذي،كتاب النكاح ، باب ماجاءكم من ترضون دينة فزوجوة ، رقم ١٠٨٤ ، مكتبة المعارف، الرياض، بدون سنة النشر، ص٢٥٤.
٢٦- محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي ، مصدر سابق،كتاب من الاستقراض ، باب العبد راع في مال سيدة ولايعمل الا بإذنه ، رقم ٢٤٠٩ ،ص٤٥١ ، مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري ، مصدر سابق ، كتاب الإمارة ، باب فضيلة الإمام العادل ، رقم ١٨٢٩ ، ص ١٤٥٩.
٢٧- سورة الشورى ،الاية(٤٩).
٢٨- مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري ، مصدر سابق،كتاب البر والصلة والآداب ، باب فضلة الإحسان الى البنات ، رقم ٢٦٣١ ،ص٢٠٢٧ ، أبو العلا محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفورى ، مصدر سابق ، كتاب البر والصلة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم ، رقم ١٩١٤ ، ص٤٣٨.
٢٩- سورة الانعام ، الاية (١٥١).
٣٠- د.فالح محمد الصغير، المرأة المسلمة ومسؤولياتها في الواقع المعاصر، وزارة الشؤون الاسلامية والأوقاف والارشاد ، الرياض ، ط٦ ، ١٤٢٧هـ ، ص٥٨.
٣١- محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي ، مصدر سابق ،كتاب الجنائز، باب إذا أسلم الصبي فمات هل يصلى عليه ، رقم ١٣٥٨، ص٢٦٣ ،مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري ، مصدر سابق ، كتاب القدر، باب بمنى كل مولود يولد على الفطرة ، رقم ٢٦٥٨ ، ص٢٠٤٧.
٣٢- أبي عبدالله محمد بن أبي بكر بن أيوب ابن قيم الجوزية ، تحفة المودود بأحكام المولود ، دار عالم الفوائد ، جدة ، بدون سنة النشر، ص٣٣٧.
٣٣- سورة البقرة ،الاية (٢٣٢).
٣٤- ئەحمەدى كاكە محمود،تفسيرى رامان لەماناو مەبەستى قورئان ، دار الفكر، لبنان ، ضاثى ٢ ، ٢٠٠٩ ، لا ٨٦.
٣٥- أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني ، مصدر سابق، كتاب النكاح ، باب من الولى ، رقم ٢٠٨٥ ، ص٢٣٨، أبو العلا محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفورى ، سنن الترمذي ، مصدر سابق ، كتاب النكاح ، باب ماجاء لانكاح الا بولى ، رقم ١١٠١ ، ص ٢٥٩.
٣٦- أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني ، مصدر سابق ، كتاب النكاح ، باب من الولى ، رقم ٢٠٨٣ ، ص٢٣٧، أبو العلا محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفورى ، سنن الترمذي ، مصدر سابق ، كتاب النكاح ، باب ماجاء لانكاح الا بولى ، رقم ١١٠٢ ، ص ٢٥٩.
٣٧- أبي عبدالله محمد بن يزيد القزويني الشهيرد (ابن ماجه ) ٬سنن ابن ماجه،كتاب النكاح ، باب لانكاح الا بولي ، رقم ١٨٨٢ ، مكتبة المعارف ، الرياض ، ط ١، بدون سنة النشر، ص٣٢٧ .
٣٨- لمزيد انظر حافظ محمد أمور، الولاية المرأة في الفقه الإسلامي ، دار بلنسية ، الرياض،١٤٢٠ هـ، ص٥٦٤ و بعدها.
٣٩- وفاء بنت عبالدالعزيز السوليم ، مصدر سابق ، ص١٨٤.
٤٠- ياساي باري كەسێتى هەموار كراوى هەرێمى كوردستان ژمارە (١٥) سالى ٢٠٠٨ ، مادەى (٨) برگەى (١ و٣).
٤١- قانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١ وتعديلاته ، المادة (١٠٢).
٤٢- عطية صقر، فتاوى ..وأحكام للمرأة المسلمة ، مكتبة وهبة ، ط٣ ، مصر ، ٢٠٠٦، ص٨٤.
٤٣- د.وفاء بنت عبدالعزيز السويلم ، مصدر سابق ، ص ٢١٤ .

٤٤- سورة الاسراء ،الاية ( ٢٣ ).

٤٥- أبي عبدالله محمد بن يزيد القزويني الشهيرد (ابن ماجه) ، مصدرسابق ، كتاب الأحكام ، باب من بنى فى حقه مايضر بجاره ، رقم ٢٣٤٠ ،ص ٤٠٠.

٤٦- یاسای باری کەسێتی عێراقی مادەی (٣٩) بڕگەی(٣).